# ئاوڕ دانه وه ێیک له مۆسیقای کوردانی خۆراسان

نووسینی : عه لی ڕه زا سپاهی لایین
وه رگێڕ : ڕێناس جاف
Renas caf@yahoo.com

نامه وێ ئه وه ی گه ره کمه بیدرکێنم نه خوازه لّلا بۆنی ڕاده ربڕینی فیزنانه ی لێوه بێت یان ته نانه ت وای لێ بگه ن ده مه وێ ڕۆڵی دایه نی دڵسۆزتر (مێهره بانتر) له دایک بگێڕم . به ڵام حه قیقه تی مه سه له که ئه وه مینا مرۆڤێک که په رۆشی ڕه وشی چاندی ناوچه که مم ، ناتوانم لێی بێده نگ بم و له حه نای که مته رخه م بم و وه ک زۆربه ی خه ڵک ، گوێی خۆمی لێ بئاخنم .
ئیشاره ت و ئاماژه که ی من بۆ ڕه وشی نهای مۆسیقا له شاره کانی باکووری خۆراسان یان ڕوونتر بڵێم مۆسیقای کوردانی باکووری خۆراسانه ؛ ئه و ڕه وشه ی به ره و : هۆگری فره و فره وانی خه ڵک به تایبه ت لاوان به مۆسیقای کووچه بازاڕی و بێ ناوڕۆک ده کشێ، که تێکه ڵه به په یڤ و ووشه ی سووک و بێ قه در و بایه خ و ئاواز و سترانی پڕ له هه را و هه ڵپه و ڕیتمیک و بۆش و خاڵی له هونه ر و جوانکارییه کانی هونه ری .
یه ک له و ڕووداوه ئه رێنی و ئیجابییانه ی که دوا به دوای سه رکه وتنی شۆڕشی گه لانی ئێران له ساڵی 1357 هه تاوی (1979 ) زایینی ، خرۆش و هه ژانێکی خسته نێو کۆمه ڵگه وه ، کزبوونی مۆسیقای بێ ناوه ڕۆکی بازاڕی یان به واتایێک " خۆ بادان" بوو .
هه ر له و ده مانه دا که کاباره کان له تارانه وه بۆ لۆس ئه نجلێس گوێزرانه وه ، خواست و نیازی گشتی له وه رچه رخانێک دا ، ڕووی له گوێ ڕادێران بۆ کاسێت و شریته کۆنه و تۆز دا گرتووه کانی سه ر تاقچه و ڕه فان به ده نگی " به نان " کرد و هێور هێور

چه ن ده نگ و ناوێکی دی  وه ک شه جه ریان ، شارام نازری،
عه لی ڕه زا ئیفتیخاری  و سه راج  ، جێی ناوه کانی مینا
شه ماعی زاده ، قادری ، موعین  و عه هدیه یان  گرته وه .
به ڵام  فره ی پێ نه چوو  به هۆی ڕه وتی ڕوو له گه شه ی
مۆسیقای پاپ له جیهانا ، سه ر و گوێلاکی پاپ چڕانی نێو خۆیی
په یا بوو و ئه وان هاتنه نێو مه یدانه وه ، له به ر ئه وه ش
یه که م ئه و پاپ چڕانه زۆر جاران  نامۆ به نوێگه ری و داهێنان
بوون و بگره زۆربه شیان ، ته نێ کۆپی و لاسایی ناشاره زایانه ی
ئه وبه ر ئاویان ده کرده وه ، دیسانه وه جه ماوه ر په نای برده وه
بۆ لای چه ن ده نگێکی وه ک داریوش و ...
ده ره نجامه که شی ئه وه ی لێ که وته وه که ئه مڕۆکه  سه ر به
هه ر هۆبه و هه وار و کۆڕ و کۆمبوون و ماڵێک دا ئه که ی ، ده نگی
ئه و جۆره سترانبێژه  هه تا ڕاده یێک به ڕۆح مردوو و به جه سته
زیندووانه ت به ر گوێ ده که وێ و ده نگیان له هه موو شوێنێکه وه
به رزه !!
ئایا ئه م ڕووداوه ، باش و به ده ستکه وته ؟!
ده جا  دیاره وه رام نایه . له به ر ئه وه ی ئێمه  هه ست به وه
ده که ین و  چاک لامان ڕوونه ، پاشی چه ن ساڵان ، وا تازه
گه ڕاوینه ته وه سه ر هه مان خوانه که ی هه وه ڵمان .
یانێ  سوڕانه وه به ده وری بازنه یێکی به رته سک دا !
ئه مه هه مان ڕووداوی تاڵه به ڕۆکی مۆسیقای کوردانی باکووری
خۆراسانیشی گرتووه و مۆسیقای ئه و ناوه ی کورده واری ،
گیرۆده یه تی و به و ده رده ی بردووه .
به و تۆفیر و جیاوازییه هێشتا شۆڕشێ به سه ر ئه م مۆسیقادا
نه هاتووه و گه ریش ئه و شۆڕشه سه ر هه ڵبدات ، هیواخوازین
دیسانه وه تووشی هه مان داو و بازنه ی به رته سک نه بین که
مۆسیقای ئێران تێی که وتووه و به ده سیه وه ناڵانه .
به ڵام ڕاستی ئه وه یه مۆسیقای ئێمه ی کورد که زۆر جار به میراتێکی
گرانبایی چاندی – هونه ری باکووری خۆرهه ڵاتی ئێران ، یادی

لێوه ده كه ین ، كه ئه م سالانه تووشی بووه به تووشی
هه مان ده رده وه و به ره و هه ڵدێر و بێ ناوه ڕۆكبوون ده چێ .
هه تا دێ ژماری كرِیار و هۆگرانی دوو تاره كه ی
" ڕه حیم خان به خشی هه نامه یی " كه م ده بێته وه و له سه ر
ژماره و داژدارانی كوشته ی ئۆرگ و جازی ئه م ڕۆژانه فره تر
ده بێ .
ده چیه نێو هه ر ماڵێكه وه ، بێ ئه م لا و لا ، سه ر و چه ن
سێدییه كت له سترانبێژانی نێو شایی و داوه تان ، به رچاو ده كه وێ
كه له باری ته كنیكی هونه ری و ناوه ڕۆكه وه ، له ئاستێكی نزمدان ،
كه چی لاوان وا كوشته ی ئه و جۆره مۆسیقان ، بێ ئه وه ی
له ناوه ڕۆك و شێواز و چوارچێوه ی هونه ری ورد بنه وه ،
وا ئه كه ونه چه پڵه ڕێزان و هه ڵپه ڕكێ ، ئێژی هه ر له و
سه رزه وییه
و له په نای گوێچكه یان دا هێشتا ده كاری گوێ بۆ ده نگی به سۆز و
سیحراوی زوڕناكه ی " به هاری " و قوشمه ی " ئابچووری " و
كه مانچه كه ی " ڕه حیمی " به ده نگه زولاڵه كه ی
موراد حه سه ن زاده و ڕه جه و عه لی ئێرانی و زه هرایی و
ئیسلامی و حسێن به هاری و ... شل بكه ی .
ئه ی چلۆنه ئه و هه مووه له و پێشوازی ده كرێ كه چی ئه م
به ته واوی فه رامۆش ئه بێ و وه پشت گوێ ده خرێ ؟
چۆنه ئه و هه موو نامۆییه كرِیار و لاگری هه یه به لام ئه م گشت
ڕه سه نایێتییه ، كه س گوێی پێ نادات ؟
باشه چۆنه لاوی كورد به تایبه تی و هه ست و نه ستی كوردان
به گشتی ناتوانێ تۆفیرێك له نێوان گۆرانی وا بێ سه ر و به ر و
بێ ناوه ڕۆك دا دانێ ؟
ساتێ ورد بنه وه : " قرمز و زه رد و ئابییه ، وا داوه تا عه رووسییه،
وا په رچه ما كورمانجییه ، ئه لێ ئه لێ ئازه رێ ، وه ره هه نێ
مه حزه رێ ! "
" ماشێنه كه ی مه ش مه نه لی ، نه بۆقی هه و نه سه نده لی، حاجی

نارنجی ! "
هه ر ئه م سترانبێژه ، شیعری ته ڕ و پاراو و ئاهه نگینی

" جه عفه ر قولی زه نگلی "* له حالێک دا نازانیَ ناوه دروس و
ڕاستییه که ی جه عفه ر قولی زه نگلی یه نه ک
جه عفه ر قولی زه نگلالی
ئه وه ند نا شاره زایانه و ڕیتمیک ده خوێنێته وه که ئه م میراته
هاوبه شه له به ر قازانجی که سێتی ته واو تێک ئه دات .
به لاَم لاوی ئێمه بێ ئه وه ی له م ڕووداوه هه ژێنه ر و تالّه چاندی،
هونه رییه ورد بێته وه ، له خوّ بێخوّ ئه بێ و سه رشێتانه سه ما
ئه کا و هه لّئه په ڕێ ، ده جا دیاره لای ئه وه ند توّفیری نابێ
که شێعر و هه لّبه سته که ی جه عفه ر قولی به حاجی قوربانی
سوله یمانی بێنێ یان ئه بولفه زلی ئوغازی یاخوّ
که لیمولّلا ته وه حودی ...؟!
به ڕاستی چ قه وماوه ؟ ئێمه به ره و کوێ ئه چین ؟
ئه ی چار چییه ؟
دیتنه وه ی وه رامیَ شیاو بوّ ئه م جوّره پرسیارانه دیاره نه کارێکی
هاسانه .
له م کورته ده رفه ته دا پێم ناکریَ به ناخی ئه و مه سه له دا
ڕوّ چم و وه به ر لیکوّلّینه وه ی بده م .
به لاَم حه قیقه ت شتیَ نییه شاراوه بیَ و خه لّک پیّی نه زانیَ و
نه توانیَ سووکه ئیشاره ت و ئاماژه یێکی پیَ بکات .
به لای منه وه ئه م ڕه وشه له به ر سیَ هوّی سه ره کی
پێش هاتووه .
ئه م هوّیانه ش بریتینه له یه که م : گیروّده بوونی هونه ری ڕه سه ن.
ئه وه ی هوّی سه ره کی ئه م گرفت و بیَ سه ر و به رییه
له چی دایه من نازانم به لاَم چاک ئه زانم میراتی گرانبایی موّسیقای
خوّجێی و کوّنی ئێمه که به نێو بانگه به موّسیقای مه قامی ،
به و جوّره ی شیاویه تی ، له لایه ن توێژه ر و هونه رمه ندانه وه،

ئاوڕی  لیٚ نه دراوه ته وه .  نه توانا  و  ده سته لاٚتی خوٚیا کراوه و
نه ش  به هره کانی هونه ری و نموونه کانی ڕه سه نی ئیٚمه ،
ناسیٚندراون . دیاره  ده ره نجامه که شی ئه وه ده بیٚ زوٚریٚ  له
ورده کاری و جوانکارییه کانی هونه ری ڕه سه ن ، له سینگی
هونه رمه ندانی به سالاٚچووی مه دا  ده شاردریٚته وه و ئه وانیش
ده گه لٚ خوٚ ده یبه نه گوٚڕ و هه ر به وه نده ش ، سامانیٚکی هونه ری و
موٚسیقاییمان له کیس ئه چیٚ و مه یدان بوٚ ته راتیٚنی کاسبکارانی
دونیای  هونه ر ، ئاماده ده بیٚ . هه لٚبه ت هه ر لیٚره دا جیٚی خوٚیه تی
ئاماژه بیٚیک به هه ولٚه که ی سه یدا ته وه حودی له به رهه م هیٚنانی
ئه لبوٚمی موٚسیقای باکووری  خوٚراسان و هه ولٚی دلٚسوٚزانه ی
سه نته ری چاندی و هونه ری" کورمانج "  بوٚ به رهه م هیٚنانی
کوٚمه لٚه  سیٚدی یه ک  به ناونیشانی " کانی " بکه ین و
تامه زروٚ بین و ئاواته خواز بین  نه کوٚسپ بخریٚته سه ر ڕیٚی
ئه م جوٚره هه ولاٚنه  و نه ش ئه م هه ڤالاٚنه ش  واز له نویٚگه ری
بیٚنن .
دووه م :  نه بوونی نویٚگه ری و داهیٚنانی  زانستی و هونه رمه ندانه .
ڕاستیت ده ویٚ  گه ر لاویٚکی نیٚو  کوٚمه لٚگه  و هه لٚپه و خروٚش و
هه ست و نه سته که ی له به ر  کاری چه ن پاته کراو، تووشی
بنبه ست بیٚت ، ده جا  چار  چییه  جگه له وه ی بکه ویٚته نیٚو داوی
نویٚگه ری ناڕه سه ن و بیٚ ناوه ڕوٚک .
شویٚن که وتووانی موٚسیقای ڕه سه ن ، هه ر به ده وری چه ن
ئاهه نگی پاته کراو و به نیٚو بانگ دا ده سووڕیٚنه وه و هه تا تاویٚ
لایان  دانیشی ، خوٚ جگه له هه مان به زم و هه مان ئاهه نگی کوٚن ،
خوٚ هیچی دیت به ر گویٚ ناکه ویٚ .
" ئه لٚلاٚ مه زا ر " و  " ده ردی جیایی  " و سه ردار " ئیٚوه ز " و
"   لوٚ" و هتد ، هه موومان چاک ئه زانین خوٚ هوٚگریش تاقه تیٚکی
هه یه  و کوا پیٚی خوٚشه  هه زاران  جار بوٚ به زمیٚ ، گویٚ ڕادیٚریٚ و
ده نگیش نه کا و بگره چیٚژیشی لیٚ ببات ؟
کار به ویٚ گه یشتووه هه ر سترانبیٚژیٚکی به ڕیٚز هه ر که سه ره ی

گه یشت ، هه مووان خۆ ده زانن گه ره کیه چی بخوێنێ و ده یه وێ
چلۆن بخوێنێ . له حاڵێک دا یه که م : خۆ هه موو سه رمایه ی
مۆسیقای کوردی ، ئه و سه ر و چه ن ئاهه نگ و به زمه نییه ،
دووه میش دایمه رێگه ی نوێگه ری و داهێنان ،بۆ ووشه و ئاواز و
هه مه جۆره به زم و ئاهه نگێ ، ئاوه ڵایه ، که چی که س به لایشیدا
ناچێ !
" حسێن قیاس ئابادی " له زمان سه یدا
" عه لی ئه کبه ری به هاری " یه وه ئه لێ : مۆسیقای کوردی
باکووری خۆراسان ، پتر له 400 به زم و مه قامی هه مه ره نگی
تیایه که چی به دڵنیاییه وه ده بێژم زۆربه ی سترانبێژانی کۆنی مه ،
ئاشنا به زێتر له 20 به زمی نین ، یانێ له هه ر 20 به زمێ
که متر له به زمێ !
له و لاشه وه کاتێ هونه رمه ندانی خودان به هره و شاره زای مه ،
له نوێگه ری و نوێخوازی ده ترسن ، ئاشکرایه سترانبێژانی
کووچه بازاڕی ده رفه تیان بۆ ده ره خسێ .
ئه وه شم له بیر نه چێ گه ر ئه و نوێگه ری و داهێنانه ،
نیوه چڵ بێ ، دیسان له لایه ن خه ڵکه وه پێشوازی لێ ناکرێ یانێ
هه مان هه ڵس و که وت ده گه ڵ موراد حه سه ن زاده یان
مه هدی گه نج به خش و ره زا مووسا ره زایی کراوه، ده کرێ !
سێیه م : ته مه ڵی و ته وه زه لی و گوێنه دان و که مته رخه م بوون
له حاند بیر وڕای گشتی که خه ڵکه که ی ئێمه به تایبه ت
کورده کانی خۆراسان ، هێدی هێدی ده که ونه دووی مۆسیقای
کووچه بازاڕی .
خه ڵکی ئه م سه رده مه ی ئێمه ، فره تر له وه ی دووی گۆرانی
ڕه سه ن و خۆماڵی بکه وێ ، له شوێن ئه وه ن گوێیان له
زرم و کوتێ بێ و له گه ڵیا سه ر شێتانه و مه ست و که له لا
ده س له نێو ده ستی یه ک نێن و هه ڵپه ڕن !
ڕوونتر بێژم خه ڵکی ئه مڕۆی ئێمه ، فره تر شوێن که وته ی
کاسبکارانی دونیای مۆسیقان نه ک چه مه ڕابوون بۆ

سه یدائیکی مۆسیقازان و هونه ر مه ندیَ ڕاسته قینه ، نازانم
ڕه نگه من فره خواز بم . ڕه نگه په رۆشییه که ی من گۆتره و
له خۆڕا بیٚت . ڕه نگه ئه وه ی هه یه چاک بی به ڵام به لای منه وه
ڕه وشی ئیٚستا تیٚکه ڵه به گیٚژاو و بشیٚوستانیَ ، که دیاره داهاتووومانی
پیَ تاریک و نووته ک ده کا . له م ته مستانه دا تۆ بلٚیَ ده بیَ
چبکه ین و چار چییه ؟!

## چه ن تیٚبینییه ک له لایه ن وه رگیٚڕه وه

- جه عفه ر قولی زه نگلی یه ک له شاعیرانی ناسراوی کوردی ده ڤه ره که ی خۆراسانه .

جه عفه ر قولی کوردیٚک له عه شیره تی زه نگه لانلوو له کیوانلووییه کانی کورمانجی خۆراسان بووه که ئه و کوردانه ش له باژیٚڕی چناران و ده ره گه ز و که لات ده ژین .
هه ویٚنی زۆربه ی هه ڵبه سته کانی جه عفه ر قولی خواناسی و عیرفانه . وه کی ئه لیٚن شاعیریٚکی سه ربه ست و ئازا بووه . له سه رده میٚک دا هه موو شاعیران به شان و باڵی حاکم و ده سته ڵاتدارانی سه رده می خۆدا شیٚعریان وتووه، ئه و تووخنی ئه م جۆره هه ڵبه ستانه نه که وتووه .
به م ساڵه دواییانه به هۆی هه ولی دلٚسۆزانه ی هیٚژا که لیموڵلا ته وه حودی دیوانی شیٚعره کانی ئه م شاعیره به چاپ گه یشتووه .

ژیٚده ر : گۆڤاری کورمانج ، ژماره 2